# بیست و شەشەمین یاد و ڕێزنان لە تێکۆشانی یەکێک لە هونەرمەندانی کاروانی بەرەو جیهانێکی ناچینایەتی (کاروان عوسمان)

هەژێن
٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

بەرایی، ئەوەی کە لێرەدا من دەخوازم بیڵێم و دەریبرم، بەس هەستی کەسیی خۆم و داکۆکیکردنە لە قوربانییەکی سیناریۆ ڕامیارییەکانی دیکتاتۆریی و بەرەهەڵستکارە چەکدارەکانی، داکۆکیکردنە لە کاروان ئوسمان و هاوڕێکانی، بە دیاریکراوی کاروان ئوسمان چ وەك کەسێتی تایبەت و چ وەک هونەرمەند. دەکرێت من هەڵەبم و هەر کەس ئازادە ئەم هەوڵەی من چۆن دەخوێنێتەوە، بەڵام من ناتوانم خۆم گێلبکەم و گوێ لە هەست و هاوارەکانی ناخی خۆم نەگرم، کە کاروانەکان پێکرا من بۆ دەنگهەڵبڕین بانگەوازدەکەن. پێویستە ئەوەش بڵێم، کە من کاروان ئوسمان وەک کەسێک لە نزیکەوە ناناسم و هیچ نزیکایەتییەکی خێزانی لەنێوان من و ئەو نەبووە و تاکو ئێستاش هیچ پەیوەندییەك لەنێوان من و ئەندامانی خێزانەکەی ئەو نەبووە و نییە، ئەوەی بۆ کاروان و هاوڕێکانی ئەنجامیدەدەم، ئەرکێکی ویژدانی و مۆڕاڵیی سەر شانی منە بۆ هەر قوربانییەکی دیکەی دەستی بەعس و بزووتنەوەی چەکداری و جەنگ.

ئەی هاوئامانج و هاوچین و هاودەری منی بە زیندوویی هێڵراو بۆ زیاتر چەشتنی خەمی مەرگی ئازیزانی وەک تۆ و دیتنی زیاتری دیمەنی ورد و خاشبوونی ئێسک و پرووسکی نەداران و بێدەسەڵاتانی جیهان، ئەی ئەو کەسەی کە تاکو ئێستاش پاش بیست و شەش (٢٦) ساڵ، هێشتا خۆت و ئەندامانی خێزانەکەت و ئازیزان و هونەر و هزری ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانە و دادپەروەرییخوازانە و خیاڵ و خەونبینت بۆ کۆمەڵی ناچینایەتی، بەردەوام باجی تاوان و تۆمەتێک دەدەن، کە ڕۆژگارە ڕەشەکان و دەستە شاردراوەکانی (ئەو دیوی چیا) زەمینەسازی بوون و ئامانجی ئاوا سیناریۆیەک بەس تەنیا دەست و پەنجەی هونەریی تۆ نەبوون، بەڵکو هەر ئاوا ئامانجی لێدان بوو لەو ڕێبازە هونەرییەش بوو؛ کە تۆ تازە خەریکبووی دەتهێنایە نێو کۆمەڵی کوردان. ئاوا تاوان و تۆمەتێک بۆ ناشیرینکردنی تێکۆشان و جیهانێک بوون، کە تۆی بێباوک؛ کە تۆی هەژار؛ کە تۆی کرێچی؛ کە تۆی ئەویندار؛ کە تۆی هونەرمەند؛ کە تۆی ئازادیخواز؛ کە تۆی خەمخۆری منداڵانی ڕووتەڵە و برسی جیهان؛ کە تۆی شەیدای پیاسەی کاتی خۆنیشتنی کەناری دەریا لەتەک دڵدارەکەت؛ کە تۆی هاندەر و بانگەوازکەری یاخیبوون و گۆرانیگوتنی منداڵان بۆ ئازادی لەسەر شانۆی شەقامی شارەکان و بەری ڕوبار؛ کە تۆی پەیامدەری دونیای ناچینایەتی؛ دونیایەک بەبێ خاوەنکار و سەروەر؛ بەبێ سەرۆکی خێڵ و سەرۆکی پارتیی و سەرۆکی وڵات و بەبێ جەنەڕاڵ؛ دونیایەک کە هەمووان لەوێدا تەنیا مرۆڤن و بەس، بەبێ ئاوەڵناوە ئایینی و ئێتنیی و ڕەگەزیی و نەژادی و شوناسە دەستکردە ڕامیارییەکان، مرۆڤایەتی بەرەو لووتکەی ڕۆشنبیری و کولتوورێکی بەرزی مرۆیی دەبات، تەنیا حەز و ئارەزوو و داخوازییە هاوبەشەکانیان کۆیاندەکاتەوە و کۆمەڵ پێکهاتەیەکی ئارەزوومەندانە دەبێت و "سەر سەریشمان تاکو چاوبڕکا، بێجگە لە ئاسمان هیچی دیکە نییە".

ئەم ڕۆژ و ئەم ساڵ وەک بیست و پێنج ساڵی ڕابوردوو لە هەر شوێنێکی دونیا بم و تاکو دەمێنم، بۆ ئامانجەکانی تۆ کڕنووشدەبەم و سەری ڕێز و ستایش بۆ خۆت و هونەر و هەڵوێستە ئازادیخوازییەکانی تۆ دادەنەویێم و بە هەموو ئەوانەش کە لە دەمی دەسەڵات و قەرەباڵخییەوە بڕیاردەدەن و ئەوانەی لەنێو بڕیاری دادگە و لێکۆڵەرانی بەعسی بۆ ڕاستییەکان دەگەڕێن، بە دەنگی بەرز دەڵێم خۆزگە هاوڕێ کوژراوەکەی تۆ، ئازیز و قوربانی نەخشەی ڕامیاران (موحەمەد خۆرشید) برای من و باوکی من بووایە، تاکو بە هەموو دەمهەڕاشەکانی بازاری نەزمی چینایەتی بڵێم و نیشانبدەم، سەرباری هەموو تۆمەتەکان و هەموو گومانەکان و هەموو هەوڵە ڕامیارییەکان بۆ بەعسییانە دادگاییکردنەوەی هەر سات و هەر ڕۆژە و هەر ساڵەی ئێوە (کاروان ئوسمان) و (ئیسماعیل سەکران)، لێرەوە هاوارمدەکرد (کاروان ئوسمان) باجی بیرکردنەوە و هەڵوێست و هونەرە یاخییەکەی خۆی داوە و بێجگە لەوە هیچ شتێک نییە، مرۆڤێکی ئاوا بەرز بکاتە بکوژی یەکێک لە هاوڕێ و هاوبیر و هاوکار و خۆشەویستترین هاوەڵی خۆی، کەسێک (موحەمەد خۆرشید)، کە تەنیا کاروان ئوسمان و ئیسماعیل سەکران و گیتار و هونەرە شۆڕشگێڕییەکەی ئەوان دەکاتە هاوڕێ و هاودەمی خۆی.

من نازانم، ئەو هەڵبەستە|هۆنراوەی خوارەوە هی چ نووسەرێکی بوێر و شۆڕشگێڕ و بە ویژدان و خۆهوشیارە، بەڵام بە سروودکردن و چڕینی ئەو هەڵبەستە لەو ڕۆژگارەدا کە [نا]گوتنێک بەس بوو بۆ لەسێدارەدان و تاوانبارکردنی هەر عێراقییەک. ئەودەم بەپێچەوانەی ئەو هونەرمەندانەی کە دوا ئومێدی خۆیان بە لوولەی چەکە هەڵهاتووەکان گرێدابوو بە (هۆ برای کاروانچی) و (هۆ کاکی پێشمەرگە) چەکدارە ئاشبەتاڵکردووەکان بۆ بردن لەتەک خۆیان بانگدەکەن. ڕێک ئا لەو کاتەدا (کاروان ئوسمان) و هاوڕێکانی (ئیسماعیل سەکران) و (موحەمەد خۆرشید) و ...تد کۆمەڵێک سروود و گۆرانی ئامادەدەکەن و سروودی (بهێنە پێش چاو، سەر سەریشمان بێجگە لە ئاسمان هیچی دیکە نەبێت)، کە (ئەلف تاکو یا) دژایەتکردن و هاندانە بۆ بەرەنگاریکردنی کردەوەکانی بەعس و سیستەمی داگیرکاری و بانگدانە بۆ ماف و ئازادییە سرووشتییەکانی مرۆڤ و هەڵکردنی ئاڵای ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی و خۆشەویستییە لە ڕۆژگارێکدا، کە کیمیاباران و ئەنفال جوتیاران و گوندنشینان قڕدەکەن و بزووتنەوەی چەکداری وەک پێشینە مێژووییەکەی بەرەو باوان ڕەودەکات و ئا لەو کاتەدا بەداخەوە بە سیناریۆیەک موزیکژەنی ئازادخواز (موحەمەد خۆرشید) دەکوژرێت و هاوڕێ و هاوبیرەکانی (کاروان و ئیسماعیل) بە تۆمەتی کوشتنی ئەو تاوانباردەکرێن و بە سێدارە سزاوادەکرێن، بکوژ وەک بەرزەکی بابان دەردەچێت و تاجی کوردایەتی لەسەر دەنرێت و بە وجۆرە "بە بەردێک چۆلەکە ئازادیخوازەکان دەکوژرێن*"، بەداخەوە ئەو کات و ئێستاش هەر ئاوا، نەک هەر هەڵوێست و بیرکردنەوە و ئامانجی کاروان و ئیسماعل بەو تۆمەتە لەبیربردرانەوە، بەڵکو ئامانج و هەڵوێست و بیرکردنەوەی ئازادیخوازانەی جوانەمەرگی قوربانیکراو (موحەمەد خۆرشید) کەوتە ژێر تەپوتۆزی ئەو ڕۆژگارە تاریکە، کە ئەویش هاوبیر و هاوئامانج و هاوخەونی (کاروان ئوسمان) و (ئیسماعیل سەکران) بوو و بەشداری کارەکانی ئەوان بووە**.

لێرەدا ناچمە سەر وردەکاریی دیتن و بۆچوون و هەستی من، بەداخەوە بەو جۆرەی کە بە خۆم و کاروان ئوسمان و موحەمەد خۆرشید و ئیسماعیل سەکران و خوێنەران بەڵێنمدابوو، کە ئەم ساڵ بۆ ئەم ڕۆژە بابەتێکی شیکاریی ئامادەبکەم، نەمتوانی و لەبەرئەوە داخوازیی بەخشین دەکەم، چونکە گرفتاری دوو هەفتەی ڕابوردوو و ئازاری دەست و پەنجەکانم و هەندێک کاتگیریی چاوەڕواننەکراو لە ئەنجامدانی بەڵێنەکەم دوایخستم. بەڵام بەدڵنیاییەوە هەر ئەو بەڵێنە ئەنجامدەدەم و وەک ئەرکی سەرشانم و وەفادارییی خۆمم بۆ کاروان ئوسمان و هاوڕێکانی کە پێشەنگ و تەنیا تیپی موزیکی و هونەرمەندانێکی شۆڕشگێڕی هزر سۆشیالیستیی کوردی-زمانی ئەو ڕۆژگارە بوون و تەنیا کەسنێک بوون، کە ڕەخنەریان لە ئاشبەتاڵی بەرەی کوردایەتی هەبوو و گۆرانی و سروودەکانی کاروان ئوسمان [نموونەیە ئەو سروودەی خوارەوە]، هەم ڕەخنەبوون لەوانەی پێش پاسدار دەکەون و هەڵەبجە دەکەنەنە بەرەی جەنگی عیراق-ئێران و خەڵکی قەرەداخ و گەرمیان و دەشتی هەولێر و بادینان دەخەنە بەردەم تەڵەی ئەنفال و بەخۆشیان وەک بەرزەکی بانان و لە شێوەی ئاشبەتاڵەکەی ساڵی ١٩٧٥ بەرەو ئوردووگەکانی ئێران و تورکیە و سوریە هەڵدێن و خوێنی پێنج هەزار هەڵەبجەیی و نزیکەی سەد و هەشتا (١٨٠) هەزار گوندنشین و جوتیاری ئەنفالکراو دەکەنە سەرمایەی ڕامیاریی و ئامرازی کۆکردنەوەی ملیۆنان دۆلار بەناوی کۆمەک بۆ ئاوارەکانی هەڵەبجە و گەرمیان و بادینان ...تد

کاتێک هەڵەبجە کیمابارانده‌کرێت، کاتێک گەرمیان و بادینان ئەنفالدەکرێن و سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەرەو هەندەران ڕەوده‌کەن، کاتێک شەقامەکانی شاران دەبنە شانۆی نمایشی ئەنفالکرانی جوتیاران و گوندنشینان و چۆکی نائومێدی گشت سەردەمە تاریکەکان لەسەر سنگی خەڵکی نەدار و بێدەسەڵات دەچەقێت، لەو کاتەدا کاروان و هاوڕێکانی خەڵک و هونەرمەندان بۆ بەرەنگاریکردن و هەڵبژاردنی ئەڵتەرناتیڤی گونجاوتر و شۆڕشگێرانەتر بانگەوازدەکەن:

خوێن لە چاوی ماتی شەوا [١]
لە شەقامی چۆڵی خەوا [٢]
خوێن لە لاشەی شەهیدەکان [٣]
خوێن لە پۆستەی ڕەشەباکان [٤]
مارتان نەکوشت [٥]
کاتێ بەردتان لە دەستا بوو
ماریش پۆپەی لەسەر بەردی ئاشپەستێ بوو [٦]
بۆ نەتانکوشت

* * * * *

لوولەی تفەنگی چەوساوان
ڕاستەڕێیەکیش هەڵناکا [٧]
ئەی ئەوانەی کە دڵتان [٨]
ئەوەندە خۆی خواردەوە
هەتاکو کرمی هەڵهێنا [٩]
هەر نەتاندی شەوی ڕەشی هەڵەبجەمان
چ خۆرشیدێکی داهێنا [١٠]

* * * * *

لە شارەکان، بەری ڕوبار
بەردی شانۆی گەمارۆیە [١١]
هەموو منالانی برسی
فێربوون کە گۆرانی بڵێن [١٢]
بەڵام کوانێ دەست و پەنجەی هونەرییتان [١٣]
لە کاتێکا لوولەی تفەنگ ڕاستە ڕێیەکیش هەڵناکا [١٤]

---

* سیناریۆی کوشتنی جوانەمەرگ (موحەمەد خۆرشید) و تاوانبارکردنی هاوڕێکانی خۆی (کاروان ئوسمان) و (ئیسماعیل سەکران) لە هەمان سیناریۆی کوشتنی نووسەری تورکی-زمان (سەباحەدین عەلی) دەچێت، بە کەمێک دەستکارییەوە و دەشکرێت لەو سیناریۆیە کەڵکوەرگیرابێت؛ [ نووسەری بەناوبانگ (سەباحەدین عەلی) کە بەرهەڵستکارێکی ئیمپراتۆریی ئوسمانییەکان بوو، بە فێڵ و تەڵەکە لەسەر سنووری بولگاریا لە کاتی هەڵهاتنی، ئەویان کوشت. ئەوەندە (سەباحەدین عەلی) خرایە ژێر فشاری دەروونی و فیزکی ئەوەندە، تاکو دوا جار ناچاربوو، کە بەرەو هەندەران ڕابکات و ئەو کات لەسەر سنووری تورکیە- بولگاریا بەدەستی یەکێک لە بەکرێگیراوانی دەوڵەت ئەو کوژرا و پیلانگێڕان، بەسەرهاتی کوشتنی (سەباحەدین عەلی) ئاوا نیشاندەدەن، کەسێک ئەوی کوشتووە، کە هاوڕێ و هاوگەشتی ئەو بووە و لەبەر چاوبڕینە پارەیەکەی ئەوی کوشتووە!

[١] کوژرانی سەدان هەزار هەزاران کەس بە کیمیاران و ئەنفال

[٢] بێدەنگیی ناچارییانەی شەقامی شارەکان بە هۆی سەرکەوتگەریی ئەو سەردەمە

[٣] کوشتنی خەڵک

[٤] کیمیاباران و ئەنفال وەک پەیامی بەعس بۆ خەڵکی ئازادیخواز

[٥] مار ئاماژەیە بۆ دەوڵەتی عیراق و فەرمانداریی بەعس

[٦] گیرۆدەبوون و تێکشکانی فەرمانداریی بەعس لە ساڵ و مانگەکانی کۆتایی جەنگی عیراق ئێران

[٧] ئاماژەیە بۆ بەرەنگاری ڕزگاریخوازانەی خەڵک لە شێوەی بزووتنەوەی چەکداری و بە شێوازێکی تێکشکاو و نیگەتیڤی دەبینێت و هیچ ئومێدێک لە ئەو بەدیناکرێت

[٨] ئاماژەیە بۆ کەسانی ئازادیخواز

[٩] نائومێدی و کوژران و زیندەبەچاڵ بوون لە بیابان

[١٠] دەنگدانەوەی کیمیابارانی هەڵەبجە و دەرکەوتنی فاشیزمی دەوڵەت و دیکتاتۆریی بەعس و سەدام حوسەین

[١١] تێپەڕبوونی کاروانی ئەنفاڵکراوان بەنێو شاری کەرکووک

[١٢] منداڵانی برسی هوشیاربوونەتەوە و هوشیاریی چینایەتی سەریهەڵداوە

[١٣] ڕەخنە لە بێدەنگی هونەرمەندان و نووسەران و بانگەواز بۆ شێوازێکی دیکەی تێکۆشان لەنێوەندی شارەکان

[١٤] تێکشکانی بەرەنگاریی گوندەکان و ئاشبەتاڵی بزووتنەوەی چەکداری و زیانبەخشیی بزووتنەوەی چەکداری

-------------------------------------------

** زانستکاران بە ئاوا سەرەنجامێک گەیشتوون، کە دەنگ لەنێو چینەکانی هەوا دەمێنێتەوە و هەرگیز وننابێت، خۆزگە کاتی کوشتنی ئازیز و جوانەمەرگ (موحەمەد خۆرشید) و لەسێدارەکانی (کاروان ئوسمان) و (ئیسماعیل سەکران) و ئێستا مرۆڤایەتی بەو تەکنۆلۆجی و توانایە بگەشتایە، کە دەنگەکانی ئەو ڕوداوانە بگێڕدرێنەوە و بکرێنە بەڵگەی شکارکردنی تاوانەکە، تاکو ڕاستی و درۆیی زۆربەی تاوانە بێ ئەژمارەکانی ئەم سەردەمە پڕ درندایەتییە دەربکەوتایە.

بۆ گوێڕاگرتن لەو سروودەی سەرەوە بە دەنگی هونەرمەندی جوانەمەرگ (کاروان عوسمان)، لەسەر ئەو لینکەی خوارەوە کرتەبکە

http://www.dengekan.com/karwan/gorani/xor_le_chawi_mati_shewa.mp3